
شارەوانی شاری نیویۆرک داوا لە پێنابەران دەکات کە بچنە شارەکانی تری ئەمریکا



سەرۆکی شارەوانی ویلایەتی نیویۆرک، ئێریک ئادامز ڕایگەیاند کە شارەکە چیتر ناتوانێت کۆچبەران وەربگرێت بەهۆی لێشاوی زۆری هاتنی کۆچبەران کە گەیشتە 90 هەزار کۆچبەرەوە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو تا ئێستا، ئەم لێشاوە گەورەیە بووە هۆی زیادبوونی فشار لەسەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان و خراپبوونی ژێرخان و کاریگەری نەرێنی لەسەر شێوازی ژیانی شارەکە.

دوای ئەم دۆخە، دەسەڵاتدارانی شاری نیویۆرک هەنگاوی نوێیان گرتەبەر بۆ ڕاگرتنی ئەو پێنابەرانەی کە دەگەنە ئەمریکا بە چونیان بۆ شاری نیویۆرک، دەسەڵاتدارانی شاری نیویۆرک پێیان لە سنووری ئەمریکا لەگەڵ مەکسیک بۆ زمانی ئینگلیزی و ئیسپانی باوکردنەوەی بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەی داوای مافی پێنابەرێتی دەکەن لە سەختی ژیان لە نیویۆرک، ئەم پێستانە ئاماژە بوون دەکەن کە نرخی کرێ لە شارەکە زۆر بەرز و تێچووی ژیان و گواستنەوە و کەلوپەلی پێویست لە شارەکە بە بەرزترین ویلایەت دادنرێت بەرامبەر ویلایەت و شارەکانی تری ئەمریکا.

لەلایەکی ترەوە، نوسراوەکانی ئەم پێیانە ئاماژە بوون دەکەن کە هیچ دڵنیایەک نییە کە شارەکە بتوانێت پێناگۆ و خزمەتگوزاری پێشکەش بە پێنابەران بکات، هەروەها ئەم پێیانە هاندانی ئەو پێنابەرانە دەدات کە بیر لە مافی پێنابەری بکەنەوە لە شارەکانی دیکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە

لەوانەیە بارودۆخەکە باشتر بێت بۆیان بە نیشتەجێبوون و هەڵی باشتریان هەبێت لە ژیانیاندا.